مەلا محمود ئەمینی موفتی

١٨٠٤ - ١٨٩٥

سۆران مەحوی

ووشەیەك :-

هەرچەنـدە واتەی فەلسەفەی پڕ بە پێستی «ڕق و خۆشەویستی» بە ڕواڵـەت لە ژیـانی مەردومان دا، وا نیشان دەدرێت کە گوایە ئەو وشـانـە دژ و پێچـەوانـەی یەکتـرین و لەزۆر ڕووشەوە هەر دانوویان ناکـوڵی و سەروسـەختیـان نی یـە . . بەڵام ئەو وشانە بە واتە گشتی و موتڵەقـەکـەی چ بە ڕوو [سـەلبی و ئیجـابی] یـەکـەی دا، مانـایەکی قووڵ و وردیـان هەیـەو لە زۆر زیـان و سود، یان زەرەرو قازانـج گە یـانـدن بەدەرنـیـین جارێ پێشـەکی بەرلـەوەی باسی «خـۆشـەویستی» و ڕێـز و دلسـۆزی بکـەین، بە پێـویستی دەزانیین بڵێین :- زۆر جار کـەوتـووە، ئەو ڕق کینـەیەی هەبووە، کە گەلێ جار ڕەنـگ دانـەوەی لە زۆر بوغـزو غەزەب ڕشـتـن دا پەرچ دەبێتـەوە . . . سەرئـەنجام ئەو دیاردەیە دەبێتە ماڵئاوا کردنەوەو لە زۆر لایەنیشەوە بە خێروفەرێکی بێ‌شوومار بۆ بەرامبەرەکەی دەگەڕێ!!

تەنـانـەت ئەو کەسانەی بە گیانی خۆشەویستی و دڵسۆزیشەوە لە کەسـانێکی تر دەدوێن، ئەوەنـدەی ئەو دیـاردەیـە کەڵـك و سوودو شادی و بەختەوەری ناگەیەتن .

ئەوجـا بێینـەوە سەر باس و خواستی خۆشەویستی و قەدرزانینەکە دەبینین ئەو وشـەیـەش هەر بەو کێش و پێـوانـەیـە، کە بە تەواوی ڕەنـگ دانـەوەی لە تەبای‌بوون و هاریکاری کردن و یەکگرتن و زۆر شتی تر لەو بابـەتـانەدا گردەخۆن و بەدەردەکەون . بێ لەوەی خۆیان لەخـۆیـان دا خۆشـەویستی یـە . . . دڵسـۆزی یـە . . . هەروەهاش چەنـدان تر، کلپـەو بڵێسـەی ئەو مەبـەستە خۆش و ڕۆشنـاتـر دەکـەنـەوە . . . بە هەر حاڵ ئێستـا کە دەمـانەوێ لەو باسە بدوێین و پوورە هەنگی پڕ لە هەست ونـەستی ئەو دیـاردانە بووروژێنین و لە هەندێ ڕووەوە، پەردە لەڕووی نهێنی‌یەکانی لابەرین و بەتایبەت لە بوارەکـانی «ئـەدەب و ژیـان»دا، هەروەهـاش ئەو شتـانـە ئاشکـرا بکـەین، کە گەلێ جار ئەدیبێکی بە نامێ و دیار، بەرامبەر ئەدیبێکی تر، جا ئەو ئەدیبە با لە هەر بوارێکی تری ئەدەب دا کاری کردبێت و

قەڵـەم بەبـرشتی خۆی نوانـدبێ هاتـووە بەنـای ناهـەق جامی بوغـزوکینـەی پڕ بە مەبـەستی خۆی بەسـەر بەرهەمی ئەدیبێکی تردا قڵپ کردۆتـەوەو دەرئـەنجامیش ئەو ئەدیبە پێ بزانێت یان نەزانێت ، ئەو بارە خراپ و سەلبیـانـەی برای ئەدیب نوانـدوویـەتی ، رووی گەش و پرشنگـداری ئەو بەرهـەمـەی نیشـان داوەو لە کۆتایی دا ئەو نووسین و لێـدوانـدنـانـە گشتی بۆتـە مایـەی شکۆمەندیو بەرزیتی بەرهـەمـەکـەو ئاکـام بە خزمەتێکی گەورەو مەزن بەسەر لاپەرەکانی مێژ ووی ئەدەبی کوردی دەشکێتەوە .

ئێمـە ئەگەر بەدرێژ ی لە ئاوو هەویری ئەو باسە بدوێین ، قسـەی زۆر دەوێ و بێ گـومـان جێگـایـەکی زۆریش لەم گۆڤـارە ئازیـزە دەگـرین . . . ئەوجـا لەبـەرئەوەی ئێستا ئەو دیاردەیە بە لێشاو بەسەر رووی لاپـەرەکـانی مێـژ وو ئەدەبی کوردییـەوە هەن . . . ئێمـە سەرنجـدان و لێکـۆڵینەوەی تێکرای ئەو دیاردانە فەرامۆش دەکەین و بە پێچـەوانـەی ئەوەوە نووکی خامـە وەردەچـەرخێنینە روووەو قاپی و رەنـگ دانـەوەی گیـانـی بەشـێکـی ئەو باسـەو خواستـە کە «خـۆشـەویستی »و «قـەدرزا نین »و «رێزلێنان »ەکەیەو ئایا بزانیین ئەو دیـاردەیـە چۆن لە بەشێ شیعـرو ئەدەبیـاتی کوردیدا بەتـایبەت لە قوناغی شیعری کلاسیکیدا هەیە . ،

ئینجـا ئەگـەر خوێنـەری هێـژ او بەرێـز بۆ ئەو دیاردەیە چاوێك بە شیعـری هەنـدێ شاعیـرانی کلاسیکی دا بگێـرێت . . . بە چەندو چوون کردن دەبین ماناو مەفهوومی ئەو دیاردە شیعرییە ، زۆر وێنەو تارمایی لە شیعری کوردیدا بەرچاو دەکەوێت . . لەگەڵ ئەوەش دا نابێ ئەوەمـان لەبیـر بچێت ، ئەو باسـەی ئێمە لێ ی دەدوێین . ئەگەر بۆلـێژ ێـری شیعری هەندێ شاعیر لەوروووەوە نەکەین و بەچڕوپڕی نەچێنـە باسـەکـەوە ، دووچـاری زۆر سەرلێ شێـواویو زۆرو بۆرییەکیش دەبین . . .

ئێستـاش بۆ گەیشتن بە ئامـانج ، دەچینە میانەی خۆشەویستیو قەدرزانی نێـوان دوو کەڵـە پیاوی زاناو لێ هاتووی وەك (موفتی)و مەحـوی یـەوەو تابـزانیین رەنگـدانـەوەی گیـانی خۆشـەویستی لە میـانـەیـان دا چۆن بووەو ئەو دیـاردەیـەش تاج رادەیـەك بەسـەر شیعرەکانی «مەحوی» شاعیرەوە بەرامبەر ئەو زاناگەورەیە دیارە .

چەردەیەك لەژ یان و بەسەرهاتەکانی موفتی :-

ئەوەی قسـەی راستی بێ . . نووسین و توێـژ ینەوە لە سەرژ یان و رووداو بە سەرهـاتـەکـانی «مەلا محەمەد ئەمینی موفتی» بلیمەت و هەڵکـەوتـوو، هەروا کارێکی سووك و ئاسـان نیین و بگـرە بۆ ئەو مەبەستە پێویستی بە گەلێ زانست و پشکنیین و گەران هەیە . . .

بێ لەوەش ئەگەر بمانەوێ بە قووڵ وووردی بەکرۆك وناوەرۆکی ئەو باسەدا شۆربیبنەوە . . . بێ شك دەبێ پشت و پەنایەکی زۆر بەو بەڵگەنامە مێژ ووی و سەرچاوە دیاریانە ببەستین ، کەلەو روووەوە بروا پێ کراوە .

بە هەرحاڵ بەپێی ئەوکورتە رازی زانیاریو بەڵگەنامانەی لە بەر دەستان ، «مەلا محەمەد ئەمین» دەبێتە کوڕی حاجی مەلا ئەحـمـەدی[٢] کوڕی مەلا[٣] مەحمـودی کوڕی مەلا ئەحمـەدی کوڕی مەلا ئەحمەدی کوڕی مەلا محەمەدی دێلێژەیی مەشهوور بە «پیرحەسەنی» .[٤]

«موفتی» تابلێی عالمێکی پڕو مەلایەکی زاناو قابیل بووە . . ئەو زاتـە هەر لە تەمـەنی منـداڵی یەوە کە لە ساڵانی [١٨٠٣ یا ١٨٠٤] لەنـاوخێـزانێکی ئەهلی عیلم و زانست پەروەر لەشـا ری سلێمـانی لەدایـك بووە . . . سەرو سیمـای زیـرەکیو ژ یـری پێوەدیار بووە ! ! سەرەتـای خوێنـدنی یەکـەمجار لای هەندێ لە فەقێ یەکانی باوکی بوون و دوایش باوکـی قورئـانـی پێ خەتـم کردوەو بەشێ لە پەراوە ووردیلە ئاینییەکانی پێ دەرس دەکات .

«مـوفتی » هەردەم بەهـۆی چەلـەنگییو زیتی یـەوە ، نەك هەر لەلای باوباپیـرانی بگـرە هەمیشـە لای سەرجـەم زانـایانی ناوچەی سلێمانی جێگایی رێزلێنان و متمانەو شکۆمەندییەکی زۆر بووە .

عەلائەدینی ئەلموسلی» کە بەردەست و قوتابی یەکی دیاری «جەمل ئەللـەبـل» «عـەبدولرەحمان زینەلعابیدین» مەشهوور بە «ئەلیەمنی» بووەو هەر دووپێکەوە «مامۆستاو قوتابی» بۆ سلێمانی دین وپەیوەندی لەگەڵ زانایانی سلێمانی بەتایبەت باوو باپیرانی موفتی»دا دەبەستن .

ئیتـر پاش گەرانـەوەیـان بۆ بەغـداد، لەوەودوا مەلا ئەحـمـەدی دێلێـژەی «مـەلا محـەمـەد ئەمین»ی کوڕی بۆخوێنـدن بۆشاری بەغـداد دەنێرێت و لەو شارەدا گەلێ مزگەوتاو مزگەوت دەکات . . . وەك لە بەڵگـەنـامـەیـەکی بنـەمـاڵەکەی موفتی دا دەردەکەوێت مەلا محـەمـەد ئەمین لە ساڵەکانی (١٢٤٢ - ١٨٢٢)دا لەشاری بەغداد فەقێ بووەو لەوێ خوێنـدوێتی . . . سەرەتـایی خوێنـدنی بۆ ئەو مەبـەستـە یەکـەمجار لای زانای بەناوبانگ «مەلا ئەحمەدی واعیز» بووە کە مودەریس لەمزگەوتی سلێمانی لەوێ . . . دوای ئەوە لای ئەوزاتـەش دەگـوێزێتەوە بۆ زیاتر گەیشتن بەهیواو ئاواتەکانی دەچێتە

خزمەت زانای گەورە «مەلا محەمەد سەعید نائیب» کەلەمزگەوتی «نەخولەفاء» موودەریس بووە.

پاش ئەوەی ماوەیەکیش لەوێ دەمێنێتەوەو سوودوکەلکێکی زۆر لەو زانا گەورەیە وەردەگرێت. . . ئەوجا لەمزگەوتی «گەیلانی» لای عالم وزانای مەزن «شێخ محەمەدی بەرزنجی» تحصیل دەکات و بەگەلێ زانست وزانیاری ئاینی نائیل دەبێت.

«موفتی» دوای پێنانی ئەو قۆناغە تازەیەی ژیانەوە، کە بە مرۆڤێکی لێهاتوو خاوەن زۆر ئەزموون و تاقی کردنەوەو موعاناتی ژیان و «خۆشی و ناخۆشی»یەکانی ژین دەناسرێت. . . ئیتر ڕوو دەکاتەوە شاری سلێمانی و لە مزگەوتەکەی خۆیان دا، کە ئێستا مەشهوورە بە «مزگەوتی موفتی»[٥] بەمەلا دادەنرێت و باوکی پایەبەرزی لەبەر خۆشەویستی و ئازیزی ئەو؛ ئەوێ بەجێ دەهێڵێت و ئەویش لەمزگەوتی «حاجی سەید حەسەن»ی ئێستادا دادەمەزرێت و لەوێ دەست بە دەرزبێژی وپێش نوێژی کردنی خەڵکی دەکات. . . دوای ئەوە لەسالی (١٢٩٦ك - ١٨٧٦ز) ی زاینی دا موفتی لەشاری سلێمانی بەداد پەروەر دەبێت و پاشان لە سالی (١٣٠٦ك - ١٨٨٦ز)دا دەکرێ بە ئەندامی مەجلیسی ئیدارەو تا ئەوە بوو دوای ئەوەش لەسالانی (١٣١٠ك - ١٨٩٠ز)ی زاینی دا بە ڕەسمی بە (موفتی) شاری سلێمانی دادەنرێت.

ئیتر هەر لەدوای ئەو بەروارەوە نازناوی (موفتی) بەسەر خۆی و تێگرایی بنەماڵەکەیان دا، دادەبڕێت و بەکارو باری «فتوای و موفتی»تیەوە خەریك دەبێ.

بەلێ «موفتی» دوایی ئەمانە هەمووی لە چوون و سەردانێکی دا لە سالی (١٣١٢ك - ١٨٩٢)ی زاینی دا بۆ تورکیا لە مەدرەسەیی «دار الحديث» حسام پاشا لە شاری (ئەدرنە) بە موودەریس دەبێ، دوای ئەوەی واز لەو کارو فەرمانەش دەهێنێت بۆیەك جارەکی بۆ سلێمانی دەگەرێتەوەو ئەوسا بەپێی فەرمان و بریارێکی سەڵتەنەتی عوسمانی دەبێتە «چاودێری کەر»و «لێ پرسراوی» گشت کارو ئیشی ئاینی عوسمانی یەکان لەو ناوچەیەداو ئەمجارە بە سایەو سێبەری هومایی دەوڵەتی عوسمانی لەو شارەدا دادەنرێت.

مەلا محەمەد ئەمینی «موفتی» بێ لەو هەموو سەرقالی و جەنجالبوونەی ژیان. . . هەروەهاش نیزیکەی [٥٠ - ٦٠] سالی بەژیانی دەرزبێژی و پێش نوێژی مەردومانەوە سەرگەرم بووە.

لەو ماوەیەدا توانیوێتی گەلێ قوتابی یانی ئاینی پەروەردە و پێ بگەیەنێت. وەك :

(١) مەلا معروفی قازی، مەشهوور بە مەلا مارفی قازی.

(٢) شێخ عیسا مەدینی - عەوالان - ی.

(٣) حاجی مەلا ئەحمەدی دێلێژەیی، کە ئامۆزای خۆی بووە.

(٤) مەلا حەسەنی مەلا یوسفی مروێیی،

(٥) مەلا عەزیزی موفتی کوڕی مەلا محەمەد ئەمینی موفتی. کە لای مەحوی شاعیریش زۆر خوێندوێتی.

(٦) بێخودی شاعیر.

هەروەها مەلا محەمەدی ئەمین موفتی ڕەحمەتی بێ لە پێگەیاندنی ئەو زاناو عالم و پیاوە گەورەو چاکانە. . . توانیوێتی لە بواری زانست و زانیاری یە ئاینی یەکاندا گەلێ دانانی ئاینی و ڕۆشنبیری جۆراو جۆری لەو بارەیەوە پێشکەش بە خوێنەران و نامە خانەی کوردی کردوە. . . بەڵام داخم ناچێ بێ لەو پەراوەیان «الرسالة الحميدية» کە ئامادەکراوە بۆ چاپ، ئیتر هەموو پەراوەکانی تر بەدەست خەتی ماونەتەوەو ئەوانیش چاوەڕوانی فرسەت و ڕۆژ لە ڕۆژان دەکەن ڕێگایی پاکنووسی و چاپ کردن بگرنەبەر بەهیوا خزمەت کردن بە خوێنەرانی کورد. . . ئێستاش ئەمە ناوی هەندێ لەو پەراوانەن کە باسیان لێوە دەکەین :-

١ - الفريده السمرقندية[٦]

٢ - عالم المخاطرات.

٣ - كتاب فتاوي في علم المنطق.

٤ - حاشية على العوامل.

٥ - فرائض شرح المنهج.

٦ - رسالة في علم النحو.

٧ - رسالة في الفرائض

٨ - متحف الانوار وجامع الاسرار.

٩ - شمائل الشيخ السيوطي.

١٠ - عمدة المسالك في مذهب الشافعي.

بەلێ ئەوزاتە گەورەیەو عالمە خزمەت گوزارە پاش ئەو کارو فرمان و خزمەتانە لەتەمەنی (٩١) سالی دا لە سالی (١٣١٥ك - ١٨٩٥ز)ی زاینی کۆچی دوایی دەکات و گیانی پاك و پیرۆزی بەخاك لە گۆرستانی بنەماڵەکەیان دا لە گردی سەیوان دەسپێرێت. . . دەك هەزار سلاو و ڕەحمەت لەمەزاری پاکت بێ و لەگۆری هەموو یار و ئەحبابانیش

شتێکی پێویست ئەبێ بووترێت :-

ڕوون و ئاشکـرایـەو هەمـووش دەزانین، سلێمـانی هەر لە مێـژووی بنیـات نانێـوە، تا دەرحـاڵ و ئێستـاش، وێنـەی گشت شارەکـانی تری کوردستـان هەمیشـە لانکـەو مەڵبـەنـدی زانست و زانیـاری‌و ئەدەب و ڕۆشنبیـری بووە. . . زۆر عالم و زانـایـان و خێـرخـواو پیاو چاکانی تیاهەڵکەوتووە. . . تەنانەت چەندان گەورە پیـاوانی وەك «شێـخ مارفی نۆێ دێ‌و حەزرەتی مەولانـا خالیـدی نەقشبەنـدی‌و شێخ سەراجەدینی تەوێڵەو شێخ حەسەنی گلەزەردەو شێخ مەلا عوسمـانی باڵەخەیی‌وزۆری تری لێ دروست بوون. . ئ ڕجـا ئەوەی لێـرەدا دەمـانـەوێ، لێ‌ی بدوێین، دیـارە لایـەنی زانست و زانیاری ئەو شتانەیە، نەك لایەنە تەریقەت و تەسەوفەکە.

بۆیـە لە ڕوانگـایی ئەوەوە بە پێـویستی دەزانم، یادێکی ئەوزاناو مەلاو موفتی‌یانەی ئەم شارە خۆشەویستە بکەینەوە کە ئەوزاتانە ڕووو لایـەنێکی شتە عیلمی‌وزانیاری‌یەکە دەگرنەوە. . . شاری سـلێمانی هەر لە کۆنـەوە تامێـژووی نـ ێ‌و هاوچەرخی، دووجۆر «موفتی» بە خۆوە بینیوە:-

(١) - جۆرێك لەو موفتی‌یانە دیارە لە شوێنانێکی تری سلێمانی‌یەوە هاتوون و پاش ماوەیەکیش سلێمانی‌یان بەجێ هێشتووەو ڕوویان لە مەڵبـەنـدو شوێنـەوارێکی کە ناوەو لەوشـوێنـانەدا چەندان عالمیان پێ گـەیاندوە. . . ئەوانەش وەك جەنابی محەمەد فەیزی (٧) زەهاوی و جەنابی حاجی مەلا ئەحمەدی نۆدشەیی. . . هتد.

(٢) - بەڵام جۆرەکەی تری ئەوموفتیانە، بریتین لەو بەرێزو زاتانەی کە بەرەچـەڵـەك وبنـەچـە خەڵـکی سلێمـانی خۆین، یان لە دەوروپشتی سلیمـانی‌یـەوە هاتـوون وبەتـایبـەت لەگـەڵ هاتنی بابانەکاندا لە سلێمانی نیشتەجێ بوون. . .

بە هەرحاڵ مەلا محـەمـەد ئەمینی «مـوفتی» یەکێکـە لەوزانـانە کەپێش قەدەرێـك بەتێـرو تەسەلی لە بەشێ ڕووداو بەسەرهاتەکانی دوواین وئێستـا لە ڕووە پەیـوەندی‌وعیلاقەتە ئەدەبی یەکەی لەنێوان میـانـەی خۆشـەویستی ئەوهاورێ و دۆستی ئازیـزی‌دا مەحـوی (١٨٣٠ - ١٩٠٤ز) کەمێ قسـە دەکـەین وڕاو بۆچوونی خۆمان لەو ڕووەوە نیشان دەدەین.

شتێکی تر هەر لەو بارەیەوە:-

مەحوی شاعیریان موفتی، نەك هەر لەگەڵ یەکتردا وەك دەبینرێ پەیـوەنـدی ومیـانەی نێوانیان کوك و خۆش بووە. . . بگرە ئەوزاتانە لەگـەڵ باووباپیـرانـی یەکتـریش دا هەردەم بە خەست وخۆڵی عیـلاقـات و پەیـوەنـدی‌یـان هەبـووە. . . (٨) ئەوە لەلایە لەلایەکی تریشـەوە بەتـایبـەت مەحـوی شاعیـر بەهەق هەموو زاناو عالمێکی خۆش ویستووەو شوێنی تایبەتی خۆیان لەلای هەبووە.

بەپێچـەوانـەی ئەوەشەوە هەمیشە لەزۆر ناکۆکی وکەشمەکێش و مەلەملانێ‌دا بووە، بەرامبەر بەوانەی کە بەنارەوا ناوی خۆیان ناو ناوە «عـالم و شێـخ» لەپـەنـا ئەو ناوانـەدا خەڵکی ڕەش وڕووت وبێ گونـاحیـان چەوسـانـوەتەوە!! ئەوجا بۆ ئەوەی ئەوەندە لە جەوهەری ڕاستی قسـە دوورنـەکـەوینـەوە، ئێستـا بەشێ لە ئەوپەیوەندی‌یەی نێـوان (مـەحـوی ومـوفتی) کەمشتێ نموونەی خەربارێکە دەخەینە ڕوو. . . ئەوەتـا مەحوی لەو ڕووەوە دەرهـەق ئەوخۆشەویستی‌یەی موفتی لە گۆشەو لایەنێکی ژیانەوە دەردەخات و بەم ڕەنگە ستایشی دەکات و دەڵێ:-

هەرچەندە تۆ ئەمینی، بەڵێ ما دڵی ئەمن؛؛
نابێ لە سیحری نێرگزی فەتتانی تۆ ئەمین. .

واتـە. . . هەرچەنـدە ئەتـۆ بەنـاو ناوت ئەمینە، ومەلا محەمەد ئەمینی موفتیت، بەڵام تابێ دڵ ودەروونی من لەبـەرامبەر سیحری نێرگزی فەتتانی ئەتۆ، کە ئەمانە هەموو نیشانەی جەوری چەلەنگی و جەوامێری و ژیروزیرەکی دەردەخەن، بە هیچ کلۆجێ ئەمینی بکات!!.

دیارە ئەمەش کە مەحوی دەرهەق «موفتی» دەبیێژێ دەیەوێت لە ڕێگـایی خۆیـەوە بە گشت ئەدیب وئـەدەب دۆستـانی هاوچـەرخی خۆی ڕابگـەیـەنێت کە خەڵکە بزانن ئەوکاکڵەی جەوهەرو ماهیەتی مەلا محەمەد ئەمینی موفتی لەمەر خۆمانەو کەواتە ڕێزو خۆشەویستی ئەسـەر هەموومان پێویست وبەجێ‌یە. . . . هەر بەو جۆرە مەحوی شاعیـر زیـاتـر تێ هەڵـدەچێت وبۆباس وپەیـوەنـدی خۆی لەگەڵ موفتی‌دا لەو ڕووەوە هەست و نەستی بەم چوارینەیە دەردەبڕێت:-

ڕێ‌ی خستە خەستەخانەکە یاری خستە پەی؛؛
جێ‌ی چاوە زارە «مەحوی» ئەم ئەسوارە دەرنەخەی. .
سایەی هومای دەوڵەتە، کەوتە سەر سەرت؛
داوێنی هەوری ڕەحمەتە «موفتی» لەدەست نەدەی.

ئەم چوارینـەیـە لە شوێنێکی تری دیوانی دەست خەتی شاعیردا بەم جۆرەش هاتووە و دەڵێ:-

ڕێ‌ی خستە خەستەخانەکە، یاری خستە پەی؛؛
جێ‌ی چاوەزارە «مەحوی» ئەم ئەسراره دەرنەخەی. . .
سایەی هومایی باڵی ئەوبوو، کەوتە سەر سەرم؛؛
داوێنی هەوری ڕەحمەتە «موفتی» لەدەست نەدەی. .

یانی ئێستا کە یاری پیرو قوودووم خێر و باوەفام، هاتۆتە کاول بۆ کەمەوە. . . کە دوور نی یە ئەو شوێنە مەبەستی لە «خانەقا»ی مەحوی خۆی نەبێ. . . . نەکەی مەحوی ئەم هاتن و نهێنی یەی موفتی لای نەیاران و نا حەزانیٚ خۆت و موفتی بدرکێنی. . . چونکە ئەگەر ئەو هەڵوێستەت ئاشکرا و نواند. . . ئیتر بارانی هەوری فەیزی بەرەکەتی «ئەو» کە سایەی هومای دەوڵەتە، بە سەرتا نابارێت و ئەنجام دووچاری بێ دەرامەتی و ناخۆش یەکی زۆر دێت!!

دیارە بەم چوارینەیەدا دەردەکەوێت کە «موفتی یان مەحوی» سەر بە دەستەو تاقمێکی دەست ڕۆیی و بەرزتر لە خۆیان بووبن و ئەوجا ئەو تاقمە بەرامبەر بەموفتی یان مەحوی دوژمن و نەیارا بوون و ئەو پەیوەندی یە بەهێز و زۆری ئەوانیان لەسەر شان گران و قوورس بووبێت. . . بەهەرحاڵ، ئەوەی ڕاستی بێ بۆ ئەو چوارینەیە لەناو بەشێ لە ئەدیب و ڕوناکبیرانی کورد دا، وا باوە کە مەحوی ئەو چوارینەیەی بۆ شێخ مستەفای «موفتی»[9] کوری شێخ بابە رەسووڵی گەورەی بەرزنجی ووتووە، کە ئەوزاتەش مەحوی شاعیری زۆر خۆش ویستووە و لەگەڵ ئەو هەموو کێشەیەی مەحوی کە لەگەڵ بەشێ لە شێخان دا بوو یەتی ئەو هەر دۆستایەتی و خۆشەویستی خۆی نەبڕیبووە.

منیش وەك بۆی بچم و پێ بزانم ڕەنگە ئەو چوارینەیە زیاتر بۆ کەسانێکی وەك مەلا محەمەد ئەمینی موفتی بووبێت، ئەوەش بە حوکم و ڕاستی قسەی بەڵگە نەویستی ئەم واتانە:ـ

١ ـ جارێ سەرەتا مەحوی شاعیر لەچاخ و سەردەمی کاك ئەحمەدی شێخ دا هیچ نزامێکی عیلمی یان تەریقەتی لەگەڵ بنە ماڵەی شێخان دا نەبووە، ئەوەش کە ڕوویدا لەگەڵ کوڕانی کاك ئەحمەدا هەمووی دوای کۆچی کاك ئەحمەد بوون. . . بەسەرێکی ترێشی هەروەها [illegible] ابی «شێخ مستەفایی موفتی» چەند ساڵێك پێش مردنی کاك ئە[illegible]ی شێخ بووە. . . ئیتر دەبێ بۆچی «مەحوی یان موفتی» نهێنی هاتنیان بۆ لای یەکتری لای بەرامبەرەکانیان نەدرکێنن؟!!

٢ ـ تاکە موفتی یە لە سلێمانی، زیاد لەو هەموو موفتیانەی باسمان لێوە کردن، کە لە لای دەوڵەتی عوسمانی یەکان لە سلێمانی شوێنی بڕوا بووبێت و متمانەی ئەوان بووبێت تەنانەت «بە هومای دەوڵەت» لە ناوچینی زانایان و عالم و مەلایانی ئەو سەردەمەدا ناسرابێت، هەر موفتی مەلا محەمەد ئەمین بووە. . . ئەوەتا هاوڕێی مەحوی کەنیزیك ترین دۆست و هاوڕێی بووە بەم جۆرە ناوی دەبات:ـ

سایەی هومایی دەولەتە، کەوتە سەر سەرت؛ ؛
دوێنی. هەوری ڕەحمەتە «موفتی» لە دەست نەدەی. .

بەڵێ پەیوەندی و خۆشەویستی نێوان (مەحوی وموفتی) بەوکێشەو پێوانەیە بوو، کە کەمێ لێی دووابن. . . هەر دەم لە خۆش و ناخۆشی یەکانی ژیان دا، لە ڕووداوە نهێنی و ئاشکراکان دا وەها جۆش و کوڵی ڕێز و نەوازشیان بۆ یەکتری دەربڕیووە و یەکتری یان لاواندۆتەوە. . . تەنانەت لە کۆچی دوایی «موفتی»یش دا، کەبزانە مەحوی لە، بەرچی بووە نەیتوانیووە هاوبەشی و بەشداری ئەو پرسەو تەعزی یەی بنەماڵەی خوالێ خۆش بوو موفتی بکات، دەبینین وەك دەڵێن بە ڕەمێ دوونیشان بپێکێت و بەم چوارینەیە کەبۆ یەکێك لە بنەماڵەکەی دەنرێت و دەڵێ:ـ

«مەحوی» کە غەیری دەستی دوعا هیچی کەی نی یە؛
مەعزورە، پێ شکستە، نەهاتۆتە تەعزیە. .
ئەو ئەجرە گەورەیەت، کە لەبەر چاوی ئەو هەیە؛
مەجبووری کردوە کە بەسەر بێتە تەهنیئە. . .

واتە من غەیری دەست بەندکردنەوەی دوعا کردن و نیزا بۆتان هیچ شتێکی تر شك نابەم و نیمە. . تەنانەت نەهاتنیشم بۆ تەعزی و پرسەتان گشتی لەبەر مەعزووری پێ و قاچ شکستیم بوون. . . بەڵام هەنووکە، لەبەر ئەجر و شکۆمەندی و چاکەتان کە لەبەر چاوم وون نابن، ئێستا ناچار و مەجبوورم نەك بەپێ بگرە بەسەر بێنم بۆ تەهنیئە و پیرۆز بایی تان، بەهۆی بونی موفتێیت کە لەشوێنی وەجاخ ڕوونی باوکی ڕەحمەتیت دانیشتوویت.

دیارە مەحوی ئەم چوارینەی لەلایەك بەهۆی کۆچی دوایی موفتی یەوە داناوە و بە سەرێکی تریش پیرۆز بایی لە مەلا عەزیزی کوری کردوە، لەشوێنی باوکی بە موفتێ تی دانراوە.

لە هەموو ئەمانەوە دەگەینە چی؟!!

سەرئەنجام لە هەموو ئەمانەوە دەگەینە ئەو ڕاستی یە بەڵگە نەویستانەی کە بڵێن:ـ بنەماڵەی موفتی هەر لەمێژەوە تا دەرحاڵ خاوەنی ئەم سیماو ڕاستی و هەیەتانە بوون:ـ

١ ـ بنەماڵەی موفتی وەك بنەماڵەیەکی دێرین و عەریقی ئەم شارە پشتاوپشت بە بنەماڵەیەکی ئەهلی عیلم و مەلا زادە و کاروفرمانی مەفتی یەوە ناسراون. . .

٢ ـ ئەو بنەماڵەیە هەمیشە بە دەرزبێژی‌یەوە خەریك بوون و شوێن و شوێنــەواریـان هەردەم بە [یـانـەی عیلم وعلمـاء] لەم شارەدا ناوو شۆرەتی بووە . . .

٣ ـ هەر زانـایـەك لە شارانـەوە هاتبێتە سلێمانی ، وەك دەڵێن سەرەتا پێلاوی غەریبی لەوێدا کراوەتەوەو پاشان بە زاناو عالمانی تر ناسێنراوە .

٤ ـ زۆر زاناو عالم و ئەدیب و ڕۆشنبیران لە سەردەستی ئەو بنەماڵە پێ گەیشتووە .

٥ ـ هەروەهـاش لە خودی بنـەمـاڵـەکـە خۆی‌دا ، زۆر زانـاو عالمی بلیمەت و دیار هەڵکەوتووە .

٦ ـ عالمـان وزانـایـانی ئەو بنـەماڵەیە خۆیان جەنجاڵ و سەرقاڵی «تەریقەت»و بارودۆخە «تەسەوف»ە [١٠] کە نەکردوتەوە . . .

٧ ـ ئەو بنـەمـاڵـەیە بێ لەوەی پەیوەندی‌یەکی گەرم وگوریان لەگەڵ زاناو ئەدیب و ڕوناکبیـرانی شارەکـەیان دا هەبووە هەروەهاش زۆر نیزیك بوون لەگەڵ زۆر بەو زۆری عالمان و زانایانی غەیری نەتەوەکەشیان دا .

٨ ـ بنـەمـاڵـەی «موفتی» بێ لەوانەش کە زانیاری‌یەکی زۆریان وەك میـراتێکی لەبن نەهـاتـوو بۆ نەتـەوەکـەیـان بەجێ هێشـووە . . . هەروەهاش خاوەنی بەڵگەنامەیەکی مێژووی زۆرن کەبێ‌شك ئەمرۆ ئەو وەسیقانە بە هاوبرخی مێژووی خۆی هەیە . . .

دوا ووتە :ـ

لەکـۆتـایی و دواقسەدا دەڵێم :ـ ئومێدو هیوام زۆرە ، توانیبێتم بەم کورتـە نووسـراوەیـە ، لەلایـەك خزمەتێکی بچوکم بە مێژ وو ئەدەبی کوردی‌و بە سەرێکی تریش خزمــەتێکم بەڕاژەی ڕۆشنبیـری زانـاو عالمـانی شارەکـەم بەتـایبـەت بنەماڵەی ڕەحمەتی «موفتی چاومار» کردبێت . . . کە دیـارە ئەو بنـەمـاڵـەیە هەر دەم ڕێگاو جێ‌و شوێنی تایبـەتی خۆی هەبـووەو لەلای هەموو خوێندەوارێکی کورد دڵسۆزو خۆشەویست بوون .

هەروەهاش هەر بەم بۆنەیەوە زۆر سوپاس کاك «جەمال موفتی» دەکـەم کە هەنـدێ وورده زانیـاری دەربارەی ڕەچەڵەکی بنەماڵەیان دامێ . . . دوا ووتە دەڵێم :ـ بەشکم خوا بکات ناوکی ئەم نووسینە ببێتـە هانـدەرو پیشتیـوانێ بۆروون کردنــەوەو ساخ کردنــەوەی نووسێنکی گەورەتـرو بێ هەڵەو کەم وکوری . . . دووبارە ستایش و سوپاسمان بۆ هەموو لایەك هەر بژین

سەرچاوە و پەراوێزەکان :ـ

(١) بێ لەمەحوی شاعیر زۆر ڕوناکبیرانی تری کورد لە بارەی مەلا محـەمـەد ئەمینی موفتی‌یـەوە دواون . . . ئەوەتا شاعیری هاوچەرخ عەبـدولـرەحمـان بەگی بابـان ، نازناووبە [بابە] بەم جۆرە پێوانەیە باسی موفتی دەکات و دەڵێ :ـ

ئەمین موفتی عەلامەیی زەمانە ؛ ؛
لە فەزڵ و دانیشا فەردو یەکانە . .
مەزایای خارجی وەسف و بەیانە ؛ ؛
لە چاوماری مەزن ڕەفرونیشانە . .
بە فەزڵ و دانیش و عیلمی تەواوی ؛ ؛
گەلێ بەرزە لە عەلامەیی زەهاوی ،

(٢) لە دیـاری ترین کورەکـانی مەلا مەحمـود ، مەلا ئەحمـەدە مەشهـوور بە چاومار بووە ، بێ لەوەی لەخزمەتی باوکی‌دا تحصیلی کردوە ، هەروەهـاش لای مەلایـان ، مەلا عەبـدوڵلای ڕەش و شێخ مەعـروفی نوێ دێی خوێنـدوێتی ، ئەولەدوا چلەپـۆپەی ژیانی‌داو مەحـوی لەتـاقی لاوێتی‌دا زۆر دۆستی یەکتـری بوون ویەکتـریـان خۆش ویستووە . ئەم زانایە لە ساڵی (١٢٥٥ ك ـ ١٨٣٥ز) دەبێتە سەرۆکی مەلاکـانی سلێمـانی ولەو سەفـەرەی حەجی‌دا لەسـاڵی (١٢٨٠ـ ١٨٦٠) کە دەکــەوێتـە ژێـر گەردەلـوول وتەم ومژێکی زۆرەوە کۆچی دوایی دەکـات . . . شێـخ ڕەزای تاڵـەبـانی لەزمـانی کاکی‌یەوە شێخ عەلی دەرهەق ئەو کارەساتە دەڵێ :ـ

بحمدالله نەما کاك ئەحمەدی شێخ ،
زەهاوی مردوو گۆڕی گوم بوو چاومار . .
ئەگەر بێ شێخ عەلێشی(دفع البلا) بێ ؛
ئیتر دنیا ئەبێتە عەینی گوڵزار .

٣ ـ مەلا مەحمــود لە جێگـایی باوکی لەدێی دێلێـژە دادەنیشێت و لەوێ دەرزبێژی دەکات ، پاش ئەوە دێت بۆ شاری سلێمانی ولەتەك شێـخ مارفی نوێ‌دێی‌یی‌دا پێکـەوە هەردوو لە مزگـەوتی گەورە دەبن بەمـوودەریس وانـەی ئاینی و فەلسـەفی و فەلـەکیات بە فەقێیـان دەڵێنەوە ، تالە ساڵی (١٢٣٩ ـ ١٨١٩)ی‌زاینی‌دا کۆچی دوایی دەکات

٤ ـ مەلا محـەمـەدی پیـر حەسـەنی لەدێی دێلێـژە لەدایـك بووە ، هەرلـەوێش دا دەخوێنێ و پاش ئەوە دەبێتە موستەعیدو ئینجا دەچێتە خزمـەت مەلا محـەمـەدی [ابن الحاج] لەدێی جێشانە . . . پاش ئەوە دەگـەرێتــەوە بۆ دێلێــژەو بەیـارمـەتی شێخ ڕەزایی دێلێـژەی خوێنـدنگـایـەکی گەورە دەکـاتەوەو لەوێ دەبێتە موودەریس . . . تا

سالی (١٢٧٣ك - ١٨٥٣ز)ی‌زاینی کۆچی دوایی دەکات.
٥ - مزگەوتی موفتی بە چەند هەنگاوێك دەکەوێتە خوار گۆرە پانەی فولکەیی سەراوە، داخەکەم ئەو شوێنە پیرۆزە کەیانەوشوێنی عالمان و گەورە پیاوان بوون ئێستاکە وێران و بە کاولی چۆڵ و هۆڵ ماوەتەوە... ئومێدە وارم نەوەکانی موفتی ڕۆژێ لە ڕۆژان هەوڵ و کۆشش ئاوەدانەوەی بکەنەوە.
٦ - هەرچەندە ئەو پەراوە دەست نووسانە دەخرێتە پاڵ موفتی بەلام لەگەڵ ئەوەش دا بۆ هەندێ پەراوییان شوێنی گومانە کەهی ئەوزاتە بن.
٧ - مەحوی دەربارەی موفتی زەهاوی بەم چوارینەیە دەیلاوێنێتەوەو ڕووی تێ دەکات.
جەنابی موفتی فەندی ڕشێنەیە باران؛
لەدڵتی ششتەوە نەقشی محەبەتی یاران..
هێشتا لافاوی توندوتیژ سروشك؛
نەچۆتەوە لەدڵی عەقیقی وەفاداران.
٨ - دەبینین لەزۆر ئەو بەڵگەنامانەی لەکتێبخانەی ماڵی موفتی دا هەیە، وەك دەردەکەوێت (مەحوی) لەلای ئەوبنە ماڵەیە جێگایی بروا بوون و متمانەی تێگرایی بنەماڵەبووەو هەمووخۆشیان ویستووە پەیوەندی‌یان لەگەڵ دا هەبووە
٩ - بەلام مامۆستایی گەورە «شیخ رەئووفی نەقیب» لەم دوایی‌یەدا پێ‌ی ڕاگەیاندم، گوایە مەحوی ئەو چوارینەیەی بۆشێخ محەمەدی موفتی وتووە، کە ئەوزاتە دەبێتە برازای شێخ مستەفای موفتی کە مەشهوورە بە [موفتی یەکەرە].
١٠ - لەبنەماڵەی موفتی دا، لەم دوایی‌یەدا شاعیری گەورەو مەزن مەلا مەحمودی بێخود نەبێ کەمێ ڕووی کردە قاپی و دەروازەی تەریقەت و تەسەوفەکە زووزوو ڕووی لەشێخانی نەقشبەندی لە [بیارەوتەویلە] دەکرد.. ئیتر نابینین کە سانێکی تری ئەوبنەماڵەیە ئەو ڕێبازگەیان گرت بێت.

الملا محمد أمين المفتي

١٨٠٤ - ١٨٩٥

سوران محوى

ظهرت في السليمانية أسر ثقافية ودينية وعلمية لعبت دوراً هاماً في نشر الثقافة طيلة سنوات عديدة منها أسرة (المفتي) ومنهم (الملا محمد أمين) الذي ولد في السليمانية وتلقى العلوم الاولية فيها ثم شد الرحال الى بغداد عام ١٨٢٢ فتلقى العلوم العقلية والنقلية على يد أساطين علمية وفقهية امثال (الملا احمد الواعظ، محمد سعيد النائب ومحمد البرزنجي والملا علاءالدين الموصلي)، ثم قفل راجعاً بعد أن تفقه بمختلف العلوم وشرع بتدريس الطلبة في (جامع المفتي) المسمى بأسمه وبعد وفاة والده انتقل الى مركز الافتاء وصار عضواً في مجلس الادارة.

وفي عام ١٨٩٢ سافر الى موكز الخلافة ونقل لفترة من الزمن الى التدريس في مدرسة (دار الحديث) في ادرنه.

تخرج على يدي الملا محمد المفتي مجموعة من العلماء منهم (الشاعر بيخود) الذي طبق شهرته كردستان.

- نستخلص من سيرة عالمنا (مفتي) بأن:

١ - اسرة المفتي كانت من الاسر العريقة التي اسدت خدمات مشهودة لكردستان وبرز منهم علماء عدة.
٢ - كانت دار المفتي في السليمانية مركزاً لجمع شمل علماء المنطقة حيث يتداول فيها امور الافتاء وحل مشاكل العلماء الادباء.
٣ - كانت تلك الدار بمثابة مضيف للوافدين الى السليمانية
٤ - تركت أسرة المفتي تراثاً ثرياً من الكتب والمخطوطات والوثائق يمكن الاستفادة منها في تدوين الاحداث العلمية والادبية لردح من الزمن.